# بتپەرستانء بتشکێنەکان

شێرزاد حەسەن

لەوە دەچێت لەناو ئێمەدا شکاندنی بتەکان وەها ئاسان نەبێت، مەبەستمان شکاندنی" بتە سیاسییەکان"ە، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە مێژوویەکی دێرینی هەیە لەپەرستنء دروستکردنی بتی سیاسی، وەک چۆن دروستکردنء داتاشینی پەیکەرو بتەکان بەپرۆسەیەکی زۆر زەحمەتء کوشندەدا تێدەپەڕێت کە ئارەق رشتنێکی زۆری گەرەک بووە، بەهەمان ئەندازە روخاندنی بتەکان رژاندنی ئارەقء فرمێسکء خوێنی زۆرتری دەوێت، بەر لەدروستکردنی بتەکانء پەیکەرە پیرۆزەکان بەتایبەتی لەسەردەمی پەیدابوونی خواوەندەکان سامء ترسء ئەفسونێک مرۆڤەکانی گەمارۆ داوە، هەر بۆ نموونە تێنەگەیشتن لەسروشتء دەوروبەر رەگەزەکانی ئامادە لەسەر زەوی تاوەکو ئاسمان مایەی تێڕامانء سەرسامیء پرسیارء گومانء بێ ئۆقرەیی بووە، نەبوونی هێزێکی رۆحیء عەقڵی بۆ لێکدانەوەو خوێندنەوەء تێگەیشتن لەو هەموو رەگەزە جوانء هەم ترسناکء پڕ لەهەڕەشەء تۆقاندنی مەردوومەکان وایکردووە کە مرۆڤ بۆ هەر رەگەزء دیاردەیەک بیر لەخواوەندێک بکاتەوە، چ خواوەندی خێربنء چ خواوەندی شەڕ، بەواتا بەر لەدروستکردنی بتەکانء خواوەندەکان، خەیاڵء خولیایەک هەبووە بۆ بتپەرستی.

بەر لەهەزاران ساڵ مرۆڤی سەرەتایی کۆچەرییء رەوەند بووە، بۆ دابینکردنی خۆراک سەرگەرمی راوبووە، لەقۆناغێکی دواتردا ئاژەڵە کێوییەکانی ماڵی کردووە، یەکەمین بیرۆکەی بڕواهێنان بۆ پەیدابوونی خواوەندێک بووە بۆ راووشکار، خواوەندێکی شاخدار لەشێوەی بەرانەکێوی یان نێری، خۆرپەرستیء مانگ پەرستیء باقی رەگەزەکانی سروشت مێژووی هەزارەها ساڵی بووە، هەر ئەو خەڵکە رەوەندء کۆچەرییە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەفەر دەکەن رووەو "رۆما"، بەتایبەتی لەدوای مەرگی عیسا کە مەبەست تیایدا بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت بووە، گەرچی لەچاخی بتپەرستیش ئەو کۆچء رەوە هەر هەبووە، سەرەتا پادشاکانء شاژنەکانء میرەکان رویان لەعیسا پەرستی کرد، بەخشینی پارەو بەرتیلء دیاری گرانبەها رۆڵی هەبووە، خەڵکانی رەشۆکیء بندەستی ئەو پادشاو فەرمانڕەوایانە ناچار بوون لەبتپەرستییەوە وەرگەڕێن بۆ عیسا پەرستی، چونکە ژیانء مانەوەیان بەدەست گەورەکانەوە بوو، پەرستگاکانی بتپەرستی رمانء تێکدران، هەر لەسەر خاکی پیرۆزی پەرستگای بتەکان، کڵێساکان دروست دەکران، هەر لەسەر هەمان دارو

پەردووی بەسەر یەکدیدا رماو، بەڵام بتپەرستەکان توانیان ژمارەیەک لەو ئایکۆنء سیمبولء کۆتەڵی سەردەمی بتپەرستی تێکەڵ بەتەلاری کڵێساکان بکەن کە تا ئەمڕۆکەش ماون، هەروەک چۆن بەردەڕەشی کەعبە هی سەردەمی بتپەرستی بووەو ماوەتەوە کە بۆ خۆی پیرۆزبووەو پیرۆزکردنی دیکەشی هاتووەتە سەر، هیچ کام لە ئایینە ئاسمانییەکان نەیانتوانیوە بنەبڕ خۆیان لەرەمزو هێماو خوازەو ئەفسانەو هەقایەتء کۆی کۆدەکانی قۆناغی بتپەرستی رزگار بکەن، زۆر رێء رەسمء نۆرمی کۆمەڵایەتی هەن کە تا هەنووکەش ماون، دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمە دێرینە. ئەوەیان نەک لەجیهانی ئێمەدا، بەڵکو لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرو سەرکەوتنی شۆڕشی سوور کە کڵێساکان دەڕمانء لەکۆمارەکانی سۆڤیەتدا یان دەکران بەشوێنی حەوانەوەو بارەگای حیزبء مۆزەخانە، لەئایکۆنەکاندا وێنەی عیساو مریەم لادەبرانء لەجێگەی ئەوەدا وێنەی مارکسء لێنین دادەنران، کە لینینء ستالینء ماوتسی تۆنگ مردن، لاشەیان بەمۆمیاکراویء راکشاوی لەناو سندوقێکی شوءشەبەندا بە پیرۆز دەکران، بەهەزاران ژنء پیاو بۆ بینینء سەردانی تەرمەکانیان ریزیان بەستووە، هەروەک تەوافی کەعبە، بەهەر بارێکدا بێت هەر تەوافء سیحرو بەپیرۆزکردنە کە مرۆڤ نەیتوانیوە پشتی تێبکات. گەرچی مێژووی بتپەرستی بۆ دە هەزار ساڵ بەر لەمڕۆکە دەگەڕێتەوە، بەڵکو دوورتریش لەو مێژووە، وەلێ لەژیانی هاوچەرخدا بەشێوازو نۆرمء دەرکەوتەی جیاواز ماوەو کە هەڵسوکەوتء بیرو بڕوای مرۆڤەکاندا رەنگ دەداتەوە، لەجیهانی هونەرو وەرزشء فیکرو ئەدەبء بازرگانیء سیاسەتدا ئەو رۆحی بتپەرستیء بەپیرۆز راگرتنە رەنگدانەوەی گەورەی لەسەر ژیانی مەردوومەکان نەخشی خۆی داناوە، هەروەکو بابەتەکانی کەلتوورء دابونەریتء حەزو خولیایەکی کوشندە کە پڕە لەسیحرو جەزبەو شەیدابوونء توانەوە لەناو زاتی کەسانی بەپیرۆزکراودا، بەپیرۆزکردنی هەر شتێکء کەسێک عەقڵ پەکدەخاتء ناهێڵێت بیربکەینەوە لەوەی کە ئەوەی دەیپەرستین چەند شایستەی پەرستنە، هەندێکجار ئەو بەپیرۆزکردنء پەرستنە فۆڕمێکی فەرمیء باو وەردەگرێتء بەدەزگایی دەکرێتء هەزارەها کەس لەسەری دەژین، شاهانەو خۆشگوزەران، لەدۆخێکی وادا ئەم جۆرە پەرستنە بەمیللیء خاکەڕا دەکرێتەوە، بەهەمان ئەندازە ئاینە ئاسمانییەکانیش بەهەمان زمان خەڵکە سادەکە دەدوێنن کە دواجار ئاین دەبێت بەکانگای دڵدانەوەو خۆ راگرتنء بەرگەگرتنء رەزامەند بەحیکمەتەکانی خودایی بۆ خێرو شەڕ، وتراوە گەر ئاین نەبوایە دۆڵەکان پڕ دەبوون لەفرمێسک، لە بۆنەو جەژنە ئاینەکاندا، چ خۆشء چ کارەساتئامێز رێء رەسمء سروتەکان رەنگدانەوەی ئەو سیحرە دەبن کە ئایین بۆ خۆی پێویستی پێیەتی وەک سۆزێکی تەواو پڕو مەزنء داگیرکەر، هەر لەدرەختی کریسمسەوە بیگرە تاوەکو جلوبەرگی سەیری قەشەکانء پاپاکانء ئاخوندەکانء مەلاکانء تەوافی کەعبەو رۆژانی لەخۆدانی مەردومەکان لەیادی عاشوراو کوژرانی

حسێن-دا تا دەگات بەنموونەی تاجء تەختء تاراجء سەوڵەجانء پۆشاکی سەرۆکەکانء پادشاکانء ژەنەراڵەکان، لەهەرەوەزی درویێنەداو سرووتی سەیرو سەمەرەی سەماء سترانبێژیدا، لە خەتەنەکردنەوە تاوەکو قوربانی بەخشین بەزەریای هەڵچوو تاوەکو بنیشێتەوە یان بۆ خواوەندەکانء یەزدانی تاکء تەنیا. بتپەرستی پەیوەستە بەپیرۆزکردنی هەر هەموو شتە سەراسیمەکانی ناو سروشتء ئەوانەشی کە مرۆڤ مەزەندە دەکات کەوتبنە دەرەوەی سروشت یان بان سروشت کە مەحاڵە مرۆڤ بەو پێنج هەستەی بیاندۆزێتەوە، گەر بڕوا بەوە بهێنین کە مێژووی مرۆڤایەتی بێجگە لەتێڕامان لەسروشتء پەرستنی رەگەزەکانی، پڕە لەبەخشینی سیحرء شکۆمەندیء پۆشاکء خەسڵەتێکی ئەفسانە ئامێز بەکەسانێک کەوا دەردەکەون سوپەر-مرۆڤن، بەواتا مەزنء باڵاتر لەهاو توخمەکانی خۆیان، بەدەر لەوەی ئەو سیحرو ئەفسونء کاریزمایە دروستکراوو ساختەیە یان راستەقینە، لەرۆحی رەواندایە یان جەستە.

بتپەرستی بۆ هەمیشە فرۆفێڵی خۆی هەیە کە لەزەمەنێکی دێرینەوە دێتەوەو خۆی تێکەڵ بەژیانی ئێستاماندا دەکات کە لە رێء رەسمە رامیارییء کۆمەڵایەتییەکاندا بەرزو پیرۆز رادەگیران، لای خۆمان هەر هەموو سەرکردەکانء ئاغاکانی سیاسەت بتی پیرۆزنء بێجگە لەپەرستن هیچی دیکە ناخوازن، هەمیشە ژێرء راستء پاکء تاقانە خۆ دەنوێنن، وەک یەزدان دوورە دەستن، سەرلەبەری مێژووی کاری سیاسیء کۆمەڵایەتیان جێگەی گومانء پرسیار نییە، هەر هەڵەیەکیش بکەن حیکمەتی تێدایە، هەر ئینشایەک بنوەسنء بخوێننەوە پڕ لەگەوهەر، گەر خامۆش بن هەر حیکمەتەء مەرجە تەقەللا بدەین مرواریء گەوهەری شاراوە لەو بنی زەریا قووڵەدا بدۆزنەوە، دروشمەکانی هەرگیز کۆن نابن، گەر بەهەزار هەڵەو پەڵەوە بمرن، هەر نەمرو زیندوون، لەیاداشتنامەو بیرەوەرییەکانیاندا تەنیا گوناەء کەوتنێکء دۆڕانێک نادۆزینەوە، میهرو سۆز هەر لەخۆی دەوەشێتەوە، هەڕەشەو توڕەبوونەکانی تا بەخوێن رشتن دەگات وانەو پەندی گەورەی تێدایە، کە غەمناک بوو مەرجە هەمووومان مۆن بین، کە پێکەنی گەر لەپرسەشدا بین، جوانترە بەخۆشی ئەوان بخەنینەوەو شاگەشکە بین، لەدیوەخانەء بارەگاکانی سەرکردەکاندا، رەوشتی گەورە لەبێدەنگیماندایە، هەر بیروڕایەکی جیاواز کە گەرد بخاتە سەر دڵی گەورەکان، ئەوپەڕی بێزەوقیء بەدڕەوشتییە.

دەکرێت لاهووتی بتپەرستی رەنگدانەوەی خۆی هەبێت لەناو سروشتء گەردشء سوڕی هەموو وەرزەکانی، بەهەمان ئەندازەش لە سوڕە جیاوازەکانی ژیانی رامیارییء کۆمەڵایەتی، دیاردەو دەرکەوتەکانی خۆی پەخش بکاتەوە، ئەمەیان هۆشیارییەکی هاوبەشە کە هەموان دەخاتە ناو هەمان تۆڕەوە، بێئەوەی ئاگاداری

ئەوە بین کە باوو باپیران چۆنء بەچ شێوەیەک بتپەرستی خۆیان بەڕێوە بردووە، چونکە لاساییکردنەوە وامانلێدەکات هەمان رێء رەسمء رەوشت دووبارەو دووبارە بکەینەوە، هەر بۆیە مەردوومەکان چالاکی ئایینیء کۆمەڵایەتی خۆیان دادەهێنن یان سەرلەنوێ سازو ئامادەی دەکەنەوە کە پڕە لەبتپەرستی، بەجۆرێک کە لەگەڵ ژیانی خۆیانداو لەسەردەمء چاخێکی تازەدا دەیگونجێنن، ئەوان پەیڕەوی بیروباوەڕی خۆیان دەکەن کە دەنێو ئایینە ئاسمانییەکانء هەم سەرزەمینییەکاندا رەنگیداوەتەوە، لەوەدا سیاسەت بەهەموو بانگەشەی هاوچەرخانەی خۆیەوە لاسایی ئاین دەکاتەوە، بەتایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی رێوڕەسمەکانء دروستکردنی ئایکۆنء نموونەی باڵاو سوڕانەوە بەدەوری پاکیء پیرۆزیدا، بۆ هەمیشە باوکە سیاسیء ئاینییەکان دەنێو ئاهەنگء پرسەکاندا بەدەمامکەوە تێکەڵ بەیەکدی دەبن.

هەروەک چۆن مرۆڤ بۆی ناکرێت لەدەرەوەی زمان بیربکاتەوە، هەر بەهەمان پێوەر زمانی دینیی کەمێژوویەکی هەزارەها ساڵەی هەیە، لەزۆربەی کاتیشدا زمانێکی سادەیەو عەقڵێکی سادە دەدوێنێت کە پتر پشت بەگێڕانەوە هەقایەتەکان دەبەستێت، هەقایەتێک کە منداڵەکانی ناومان دەدوێنێت، چەندە پڕ ئەفسانەو فانتازیاو خەرافەت بێت ئەوەندی پتر لەزەتی لێدەکەین، هەر بۆیە دەرچوون لەئاینء جۆرێک لەبتپەرستیء دواجار شکاندنی ئەو بتانە، بەهەردوو دیودا، دەنێو فەزاو کەلتووری ئێمەدا لەمەحاڵ دەچێت.

بەگەڕانەوە بۆ کتێبەکەی "فرۆید"- موساو یەکتاپەرستی- تێدەگەین کە یەکەمین ترسء سامء پیرۆزییء هەیبەتێک کە لەمنداڵییەوە دەستپێدەکاتء رۆحمان داگیردەکات، رووی لەباوکە، بەڕای فرۆید خودی ئەو ترسء سامە تێکەڵ بەپیرۆزی لەبەرانبەر باوکەکاندا گەورەو درێژ دەبێتەوە تادەگات بەترسء سامء پیرۆزکردنی یەزدان، گرفتی سایکۆلۆژی لێرەوە دەستپێدەکات کە لەنێوانء ترسء بەپیرۆز راگرتنی (خوداو باوک)دا سەدەها کارەکتەری دیکە پەیدا دەبن لەژیانی سیاسیء کۆمەڵایەتیء هونەریء فیکری کە وا دەکات ببنە سەرچاوەی پەرستنء خۆ بەقوربانیکردن، تا رۆژگار دەڕوات نواڵەی دەوری سەریان پتر نوورانی دەبێتء پیرۆزتر دەنوێنن، لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستء جیهانی ئیسلامیدا لەنێوان یەزدانء باوکدا هەزارەها خواوەندء باوکی دیکە زاووزآ دەکەنء ژیانمان داگیردەکەنء بێجگە لەوانەی کڕنۆش بردنء ملکەچی هیچمان فێر ناکەن، هەتا گەر ببنە بتء پەیکەری بەردین، ئەو هێزە لەخەڵکی دەستێننەوە بیر لەشکاندنی ئەو هەیکەلە مردووانەیان بکەنەوە، هەروەک لەهەقایەتێکی "چین"یدا هەست بەو پەندە دەکەین کە کەسێکی گەورەو دەسەڵاتدار ژمارەیەک لەخەڵکانی بندەستی خۆی لەناو چەند

بازنەیەکی رەسمکراودا رادەگرێتء بەندیان دەکات، بازنەکان بەتەباشیر رەسم دەکرێن، کابرایەکی ژێر بەناوەدا تێدەپەڕێت، سەیری پێدێت کە ئەو ژمارە لەخەڵکی وا دەنێو چەندین بازنەی بەتەباشیر رەسمکراودا زیندانی کراونء ناجولێن، کە لێیان دەپرسێت لەبەرچی خۆیان ئازاد ناکەن، هەر هەموان یەک وەڵامیان هەیە.. کە گەورەی ئەوان فەرمانی کردووە لەو بازنانە نەیەنە دەرەوە تاوەکو دێتەوە، کابرای ژێر تێناگاتء پتر سەرسامتر دەبێت کە یەکێک لەو زەلامانە بازنەکی بەدەوردا نەکێشراوەو کەچی هەر ناوێرێت ببزوێتء بڕوات، لێی دەپرسێت: تۆ بۆچی وا دۆش داماویتء خۆت ئازاد ناکەیت، ئەویش گەلۆرانە وەڵامی دەداتەوە کە ئاغاکەی تەباشیری پێ نەما، بەڵام هەر بەحەواوەو لەهەوادا بەدەست بازنەیەکی بەدەوردا کێشاوەو مەحاڵە بتوانێت لەو بازنەیە بێتە دەر، ترس...ترس و سام سەرچاوەی زۆربەی پەرستنەکانە، کە ترساین تا ئەبەد لەناو بازنەکانء قەفەزەکاندا دەمێنینەوە، هەر ترسء شەرمء سامء هەیبەتێکە وادەکات کە فەرزەندەکان بەسەر دەستء پێی گەورەکاندا بکەونء کڕنوش ببەنء بەناوی پیرۆزییەوە پشتی دەستء خاکی بەرپێیان ماچ بکەن، جا ئەو گەورەیە باوک، مامۆستا، مەلا، شێخ، ئاغاو میر، ژەنەراڵ یان خوداوەندەکانی ناو دونیای سیاسەت بن، گەرچی ستەمکارء ملهوڕیش بن، ئەو ترسء سامە وا دەکات خەڵکانی بندەستء ستەمدیدە قایل بن بەوەی بڵندو باڵا پلەو پایەء تەختی ستەمکاران بەسەر رابگرن. ترساندنء رۆحی گوناهباری وادەکات مەردوومەکان گزگلء چکۆلەو بێهێز بنء بۆ هەمیشە بۆ چەترو سێبەرو هێزی گەورەکاندا بگەڕێن تاوەکو لاوازیی خۆی بشارێتەوە، دەنێو وەها مێژوویەکدا کارگەکانء خانەی پەروەردە دوو بەرهەمی دانسقەیان هەیە: یەکەمیان مەملەکەتێک لەمەردوومی کۆیلەو خۆبەکەمزانء ترسنۆک فڕێ دەدەنە ناو دونیا، دووەمیان لەبەرانبەریشدا خوداوەند پیرۆزەکان کە سەردارو مەزنء هەموو شتزانء پڕ فیزو دەبدەبەن، کە دواجار خێرو شەڕی مەردوومە بندەستەکانء وا بەدەست گرەوپی دووەمەوە، ئەمەیان رێک بتپەرستییە بەشێوەیەکی زۆر هاوچەرخانەو لەتازەترین مۆدێلیدا کە جێگەی گومانی تێدا نییە. ئەوە بەتەنیا کاریزمای پادشاکانء سەرکردەکانء ئاغاکانی سیاسەت نییە کە وا دەکات هەموو خەڵکی بەچواردەوریدا هەڵپەڕن، تەماعی ئەوە بیانگرێت بۆ چرکە یان خولەکێک چاویان بەو زاتە پیرۆزانە بکەوێت، وەک بەردە رەشی کەعبە دەستی لێبدەنء ماچی بکەنء شانی بتەکێنن، ئەمەیان دەرئەنجامی پەروەردەکردنێکی داڕزیوو تەقلیدییء کۆنە کە وا دەکات مەردوومەکان لەباوکە پیرۆزەکانیان بترسن، چ لەسەر زەوی بنء چ لە بان هەورەکان، هیچ وێنەیەکیش لەبان سروشتء لەئاسماندا نییە. گەر لەسەر زەویء لەناو سروشتدا وێنەو ئایکۆنێکی هاوشێوەی خۆی دروست نەکردبێت، دیارە پێچەوانەکەشی راستە، هەمیشە ئاسمانء زەوی وێنەکانء نموونەکانء ئایکۆنەکان لەیەکدی دەخوازن... قەرز دەکەنء

دەیانگۆڕنەوە، لەسەدەها ساڵەوە تا بەئەمڕۆکە دەگات لەدونیاداء بەتایبەتی لای ئێمە کە رۆژهەڵاتی ناوین جێ مەبەستە، بەو خاکەشەوە خۆمان لەسەری دەژین زەماوەندی گەرمی پیاوانی سیاسەتباز لەتەک پیاوانی ناو ئاین وا لەناو خۆشترین بەزمی خۆیدایە، دڵداریکردنێکە زۆر تازەو مۆدێرن، زەماوەندێکی شاهانەو خواهانەیەو پیرۆز راگرتنی کارەکتەرەکانی هەردوو بەرەیە لەچاوی هەزارەها، کە پڕە لەدرۆکردنء ریاکاریء مەرایی زاتە پیرۆزەکان لەگەڵ یەکدی، گەمەیەکە لەسەرەوەڕا بێ غەوشە، بەڵام لەژێرەوە یەکێکیان خەون بەبردنەوەی ئەبەدییەوە دەبینێت، دووفاقی زاتەکانە لەبەرانبەر یەکدی، لەم دەڤەرەو لەهەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەیەها نموونەی لەو بابەتە وا دەنێو کتێبەکاندا مێژوویەکی بزرو شاراوەیە، گەمەیەکی وا جێگەی گومانە، چونکە کەس ناتوانێت لە ئاکامە خراپء باشەکانی دڵنیا بێتء بزانێت، چونکە بتە بەردینەکانی سیاسەت لەناو هەناوی خۆیاندا دونیایەک رازو نیازء نهێنیء گومان دەشارنەوە، گەرچی زەماوەندێکی وا درۆزنانە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو ئەوەندە دێرینە کە بووەتە بەشێک لەحەقیقەتی ژیانی رامیاریء کۆمەڵایەتی، بەڵام زۆر جاران بەتەڵاق یان یەکدی کوشتن کۆتایی هاتووە، دڵداریء زەماوەندی چەپڕەوەکان لەگەڵ راستڕەوەکان، یان چەند چەپڕەوێک لەناو خۆیدا، یاخود چەند لایەنێک لەراستڕەوەکان، بۆ هەمیشە "مانگی هەنگوینی"بییەکە بەژەهراویکردنی یەکدی کۆتایی هاتووە، بەتایبەتی لەکوردستاندا، ئەمەیان بۆ هەر هەموو پارچەکانی کوردستان بەراست دەگەڕێتء نموونەی ناوێت. بەتەنیا لە ئەزموونی (میسر)دا کچء کوڕانی لاو بۆ یەکەمینجار هۆشیاری ئەوەیان هەبووە کە پەرژینێک لەدەوری خۆیان بکەنء رێگا نەدەن نە چەپڕەوەکانی ناو دەسەڵاتء نە راستڕەوەکانی ناو دەسەڵاتء دەرەوەی دەسەڵات دزە بکەنە ناو شۆڕشەکەو لەباری ببەنء ئەتکی بکەن، لەرۆژی یەکەمی راپەڕینەوە تا هەنووکە بوونەتە شورایەکی پۆڵایینء لێناگەڕێن لاقەی رابوونەکەیان بکەن، کە ئەمەیان لەمێژووی ئەم ناوچەیەدا ناوازەیە .بۆ ئێمەش لەناو وەها دڵداریء زەماوەنێکدا کە باوکەکان دەنێو دەیوەخانەکاندا حەڵاڵی دەکەنء دەستی یەکدی ماچ دەکەن، چ گەرەنتییەک هەیە کە بە تەڵاق یان یەکدی کوشتنی باوکەکان کۆتایی نایەت کە بۆ خۆی مایەی ترسء نیگەرانیء دۆڕانێکی گەورەیە نەک بۆ بتە پیرۆزەکان، بەڵکو بۆ کچء کوڕانی عاشق بەشکاندنی بتەکان، مێژووی ئێمە پڕە لەزەماوەندی درۆزنء ساختە، لەئاکامدا فەرزەندەکان دەبنە قوربانی وەها تەڵاقء یەکدی کوشتنء کوێرکردنەوەی ژیانء هەتیوکەوتنیان، گەرچی بەئومێدی هاتنی ئایندەیەکی جوانترء ژیانێکی باشتر گەرەکیانە لەسەر رمانی بتە شکاوەکان دوا سەمای خۆیان بکەن.

ئەم رۆحی بتپەرستییە بەتەنیا پەیوەندی بەو فەزاو کەلتوورەوە نییە کە لەکۆنەوە تاهەنووکە درێژەی هەیە کە لەپەرەگرافەکانی پێشووتردا سەرچاوەکانیمان دەستنیشان کرد، گرفتی سەرەکی لەرۆژانی راپەڕینەوە دەستی پێکرد تا ئەمڕۆکە، بەتایبەتی یەکێتیء پارتیء باقی حیزبە چەپڕەوو راستڕەوەکان کە پتر لەسەر میراتێکی کۆنی سەردەمی شاخ دەژیانء کایەیان دەکرد، گەرچی هەڵگری ئالآی سەرفرازییء دروشمی تازەو سروودی راچەنیوو مۆراڵی مۆدێرن، یان راستتر وایە بڵێین بانگەشەیان بۆ دەکرد، کەچی رۆژ بەرۆژ لەبەردەم هێزی کۆنەپارێزو سەلەفییەکاندا پاشەکشەیانکرد، چونکە لەجەوهەردا خاوەن پرۆژەیەکی نەتەوەییء مرۆڤدۆست نەبوون، دواجار سەرگەرمی دەسەڵاتء هێز پێشبڕکێیان دەکرد کە مۆنۆپۆڵی ژیانی رامیارییء ئابوورییء کۆمەڵایەتییان، کۆمپانیا ئاسا لێیانخوڕیء کارتێلاتی ئابووری زەبەللاحیان دامەزراند، بوونەوە بەبازرگانء قۆنتەراتچیء نەوتفرۆش، لەمڕۆکەدا حیزبێک نادۆزینەوە لەناو دەسەڵاتء لەدەرەوەی دەسەڵات شێتء کولافەی بازاڕ کڕین نەبێتء هەڵگری رۆحێکی عەمبارەپۆ نەبێت، نەخشەکە لەقوماشێکی رەنگاو رەنگ دەچێت کە وەها تێکەڵ بوون کە مەحاڵە بەئاساتی رەنگەکان لەیەکدی جیابکەینەوە، ئەوەی کە دەکرێت گەڕانەوە نییە بۆ رەگوریشەیەکی ساغء زیندوو کە قەدو بالآی خۆمانی پێ بگرینەوەء بڵند بوەستینء چاو لەخۆر بکەینء هەوایەکی پاکء ئازاد هەڵمژین، چونکە سیاسەت تاکتیکی هەیە نەک ستراتیژ، زۆرجاران پڕە لە فریوو بەڵێنی درۆو بەهەڵەدا بردنء ناعەقلانییەتء گەمەکردن بەخوێنء گەڕانەوە بۆ ئەشکەوتەکانی خەرافەت. گەمەیەکە پڕە لەتێکەڵبوونی باوکە ئەبەدییەکان بەخۆیانء پەیکەرو ئایکۆنء بتەکانیانەوە کە کەس ناوێرێت هیچ کامیان بشکێنێت، وەک "ئیبراهیم"ی پەیامبەر کە سەرزەنشتی باوو باپیرانی دەکات لەوەی کە چ کەڵکء دادێکی تێدایە ئەم بتانە دەپەرستن؟ بەدزی گەورەکانەوە بتەبچکۆلەکان دەشکێنێت، کە گومانی لێدەکەن ئیبراهیم ئەم کەتنەی کردبێت، گوناهی شکاندنی بتە بچکۆلەکان دەخاتە ئەستۆی گەورەترین بت کە لەناو پەرستگاکەدایە، گومانی خەڵکانی دەوروبەری گەورەتر دەبێت لە سۆنگەی ئەوەوە کە چۆن چۆنی ئەو بتە زلە لەتوانایدایە ئەو بتانەی دیکە بڕمێنێت، خودی ئەو گومانە وەڵامی ناو دڵی ئیبراهیم بووە کە گەرەکی بووە بەشکاندنی بتەکان سەردەمێکی نوێ بێتە پێشەوە.

گەرچی بتپەرستی رەگێکی وا لەناو پەرستنء بەپیرۆزکردنی سروشتء هەر هەموو رەگەزەکانییەتی نەک بەتەنیا پەیکەرێکی بەردین، سروشت وەک سەرزەمێنێکی خوڵقاندنء رسکانء گەورەبوونء کامڵبوونی ئێمە، بوونی رۆحێکی زیندوو لەناو هەموو زیندەگیء گەردووندا کە دەشێت لەمێروولەیەکدا بێت، گوڵێک، ئاسکێکء هەر شتێک لەناو هەواداو لەسەر خاکء لەناو ئاودا، لەناو روەناکیء تاریکی،

لەسوڕی هەمیشەیی سروشتء وەرزەکانء ژیانی هەمووماندا، پەرستنێکە دژ بەناسینێک کە پڕە لەپاتریارک –پەرستی کە لە ئایینەکاندا تەواو بەرجەستەیە، لەناو سیاسەتدا پتر رەگ دادەکوتێت، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی بەکۆیلەبوونء ستەم ئاشنانء پەروەردەیەکی لیبراڵی تێدا نییە، بەڵام ئەو بتپەرستییەی ئێمە بەدەرە لەجوانیء پیرۆزییەکەی ناگەڕێتەوە بۆ ناو سروشتء رۆحی سەرکەشء ئازادی مەردوومەکان کە وەک بوونی ئینسانی مایەی رێزە، بەڵکو هەر هەمووی قۆرغ دەبێت لە تاکە کەسێکدا یان چەند کەسێکدا کە هەریەکەو پەیکەرو ئایکۆنێکی بۆ خۆی داتاشیوە، سەدەی بیستەم پڕ بوو لەشکانی پەیکەرو ئایکۆنء بتە پیرۆزەکان، بتەکانی فاشیزمء نازیزمء سۆشیالیزمی ساختە، لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بتکشێنەکان بەتاوو گەرم وادێن، گەرچی ئایدۆلۆژیا سەر زەمینییەکان هەوڵء تەقلایان داوە بەدەر لەئاینء ئایدۆلۆژیا ئاسمانییەکان مۆدێلێکی دیکە لە حوکمڕانی بەرێبخەن، نموونەی سۆڤیەتء وڵاتانی ناو بلۆکی سۆشیالیزم ئاشکراو بەرجەستەیە، بەڵێن بوو مارکسیزم تیۆرێکی سێکیولارء عەقڵانی بێت، کەچی بەناعەقڵانییەتء غەیبانیەت شکایەوە، چونکە باوکەکانی شۆڕشی سوور و سۆشیالیزم بوونەوە بەکۆمەڵێک ئایکۆنء بتی پیرۆز، خودی مارکس-یان کردەوە بەبتێکی پیرۆزو کتێبەکانی وەک ئینجیلء قورئانء تەورات تەماشادەکران کە نەدەکرا گۆڕانء کایەی تێدا بکرێت، مەرج نییە بتپەرست بەهیچ کلۆجء پێناسەیەک خۆی لەدەقێکی پیرۆزدا بەرجەستە بکات، دەقە پیرۆزەکەء سەرچاوەی دەسەڵاتی خواوەندەکانی ناو سیاسەت وا لەناو ژیانی مەردوومەکانء دونیای ئەوان لەناو گەرمەی ململانێء ئەزموونی تاکە کەسەکاندا، کەسمان پێویستی بەوە نییە بۆ دە هەزار ساڵ لەمەوبەر بگەڕێتەوە تاوەکو بزانێت کەی بوو یەکەم بت داتاشراء یەکەم ئایکۆن پیرۆز کرا و بۆ کێ بوو، چونکە کەسی بتپەرست بۆ هەمیشە شێوازی تازەی تایبەت بۆ بتپەرستی خۆی دەدۆزێتەوەو سەرگەمی دەکات، لەبەرانبەردا کارمان بەوەش نییە بزانین کەی بوو یەکەمین بت شکێندرا، چونکە بۆ هەمیشە کەسێک یان کەسانێک هەن تێدەگەن سەردەمی "بت –شکاندن "هاتووە، ئێمە دڵنیاین، چ درەنگء چ زوو، ئەو پەیکەرو ئایکۆنء بتانە دەشکێن، بتشکێنەکان وا بەرێوەن، بەڵام لە گوینە درەنگ بگەن، چونکە لەرێگایەکی زۆر دوورەوە دێن، کاروانیان وا بەرێوە... گوێمان لەزرنگانەوەی زەنگەکانە.

Sherzadhassan2003